# (12)

# گفتوگۆیەكی ژیرانە

## ئایا ئافرەت لە مەسەلەی میرات ستەم لێكراوە؟

بەڕێزان!

ئەو كەسەی خوای پەروەردگار بە دروستكەر و خاوەن و بەخێوكەری خۆی بزانێ وە بەهۆی بەندایەتی بۆ كردنیەوە لێی نزیك بووبێتەوە، تام و چێژی ئیمانی چەشتبێ دڵی پاك بووبێتەوە بە ئاسانی دەتوانێ هەق و باتڵ لێك جیا بكاتەوە.

پەروەردگارێك ئاسمانەكان و زەوی بەدیهێنابێ چ پێویستی بەوەیە ستەم لە بەندەیەكی خۆی بكات؟ یەكێ لەو تەوەرانەی كە ناحەزان و عەقڵ و دڵ نەخۆشان گومانی لەسەر دروست دەكەن بریتییە لە مەسەلەی میرات، گوایە ئیسلام ستەمی لە ئافرەت كردووە و بەشی پیاوی زیاتر و زۆرتر داناوە لەبەشی ئافرەت، ئێمە لەم بەشەدا گفتو گۆیەكی ژیرانە لەبارەی ئەو مەسەلەیە دەكەین هەوڵ دەدەین بە هێمنی بابەتكە بتوێژینەوە.

سەرەتا دەڵێین: ئەو كەسەی شارەزا بێ لە مێژوو دەزانێ بەر لە ئیسلام ئافرەت چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەكرا لەهەموو ڕووەكانی ژیان، بەتایبەت لەمەسەلەی میرات، نەك هەر پشك و بەشی نەبوو، بەڵكو ئافرەت وەكو كاڵایەك سەیر دەكراو لەگەڵ پارە و كەلو پەلەكاندا دابەش دەكرا!!

لە كتێبەكانی سوننەتدا بەسەرهاتێك هاتووە بەر لە دابەزینی ئایەتی میرات ڕوویداوە، هاوەڵێك بەناوی سەعدی كوڕی ڕەبیعە دوای ئەوەی وەفات دەكات، تەنها خاوەنی دوو كچ دەبێت لەگەڵ هاوسەرەكەی، مامێكی منداڵەكانی سەعد پیاوێكی دەست ڕۆیشتوو دەبێ، دەست دەگرێ بەسەر تەواویماڵەكەی سەعدی كوڕی ڕەبیعە بێ ئەوەی هیچ شتێك لە ماڵەكە بۆ هاوسەر و دوو كچەكەی بهێڵێتەوە، هاوسەرەكەشی دەستی هەردوو كچەكەی دەگرێ و دێتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ، سكاڵای حاڵی خۆی لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ دەكات، دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو كچانە كچی سەعدی كوڕی ڕەبیعەن كە لەگەڵ تۆدا لەجەنگی ئوحود شەهید بوو، مامیان هەموو ماڵەكەی بردووە و هیچی بۆ ئێمە نەهێشتۆتەوە، ئینجا ئەگەر بیەوێ كچەكانیش بەشوو دەدا و هیچ نرخێك بۆ ئێمە دانانێ، پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئافرەتەكەی فەرموو چاوەڕێ دەكەین خوای پەروەردگار ئایەت دابەزێنێ، ئایەت دابەزی و پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی مامی سەعدی كرد و پێی گوت: ئەم كچانە دەبێ دوو لەسەر

سێی ماڵەکەیان پێ بدرێ، هەروەها یەك لەسەر هەشتی ماڵەکەش بۆ دایکیان بێ، ئەوەی دیکە کە دەمێنێتەوە بۆتۆیە.

خۆشەویستان!

وەك باسمان کرد ئافرەت بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام نەك هەر میراتی نەدەبرد بەڵکو وەك کەلو پەل دابەش دەکرا، خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن تَرِثُواْ ٱلنِّسَآءَ كَرۡهٗاۖ وَلَا تَعۡضُلُوهُنَّ لِتَذۡهَبُواْ بِبَعۡضِ مَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ إِلَّآ أَن يَأۡتِينَ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖۚ وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ فَإِن كَرِهۡتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَيَجۡعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيۡرٗا كَثِيرٗا ١٩ ﴾ النساء.

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە درووست نییە بۆتان ژنان بەزۆری بکەن بە میراتی خۆتان، دەستیان بەسەردا بگرن وەك کەلو پەلی ناومالّ، ناچاریان مەکەن تا هەندێ لە مارەییەکانتان بۆ بگەڕێننەوە، مەگەر ئەوان گوناهێکی دیار و ئاشکرا ئەنجام بدەم، هاوژینیان بەجوانی و بەرێکوپێکی لەگەڵدا بکەن، خۆ ئەگەر خۆشیشتان نەویستن و لێیان بێزار بوون ئەوە دوور نیە خوای پەروەردگار شتێك بهێنێتە پێش کە ئێوە حەزتان پێی نەبێ کەچی خێرێکی زۆری تێدا بێ.

خوای پەروەردگار ئەو ستەمە گەورەیەی لەسەر ئافرەت لابرد کە وەك کەلو پەلی ماڵ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هەر لەبارەی مەسەلەی میراتەوە لە ئایەتێکی دیکەدا خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

﴿ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٞ مِّمَّا تَرَكَ ٱلۡوَٰلِدَانِ وَٱلۡأَقۡرَبُونَ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٞ مِّمَّا تَرَكَ ٱلۡوَٰلِدَانِ وَٱلۡأَقۡرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنۡهُ أَوۡ كَثُرَۚ نَصِيبٗا مَّفۡرُوضٗا ٧ ﴾ النساء.

پیاوان پشك و بەشیان هەیە لەو ماڵەی کە دایکان و باوکان و نزیکانیان لەدوای خۆیان جێی دەهێڵن، هەروەها ژنانیش بەشیان هەیە لەو شتانەی کە بەمیراتی لەدایك و باوك و خزمانیان جێ دەمێنێ، لەکەم و زۆریدا بەشی هەر کەسێکیان دیاری کراوە، دەبێ بیاندرێتێ.

خوای پەروەردگار ئافرەتی نەبەستۆتەوە بە پیاو فەرموویەتی: ﴿ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٞ مِّمَّا تَرَكَ ٱلۡوَٰلِدَانِ وَٱلۡأَقۡرَبُونَ ٧ ﴾ النساء، پیاوان بەشیان هەیە لەو میراتەی کە دایك و باوك و خزم و کەس بۆیان جێدێڵن، ئینجا خوای پەروەردگار لە ئایەتەکەدا ئافرەتانی نەکردووە بە پاشکۆی پیاوان، بفەرمووێ: هەروەها بۆ ئافرەتانیش، بەڵکو بە ڕستەیەکی تەواو باسی ئافرەتان دەکات و دەفەرمووێ: ﴿ وَلِلنِّسَآءِ

﴿ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ ۚ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴿٧﴾ ﴾ النساء، بەهەمان شێوە ئافرەتانیش پشك و بەشی دیاری كراوی خۆیان هەیە لەو ماڵەی كە دایكان و باوكان و نزیكانیـان دوای خۆیان جێی دەهێڵن.

بەڕێزان!

لەهەموو حاڵەتەكان وەك یەك نییە، حاڵەتێك بۆ حاڵەتێكی دیكە لێك جیان، ئینجا خـوای پـەروەردگار ئەم مەسەلەی پێدانی میراتەی نەكردووە بە شتێك مرۆڤەكان تێیدا سەرپشـك بـن بیـدەن یـان نەیـدەن، نەخێر فەرموویەتی: ﴿ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴿٧﴾ ﴾، پشكو بەشێكە خوای پەروەردگار بۆ ئـافرەتی فـەرز و پێویست كردووە، دەبێ هەر پێی بدرێ، نابێ پیاوان بەهۆی دەسەڵاتیانەوە ئافرەتان بێ بەش بكەن.

ئینجا خوای پەروەردگار لەكۆمەڵێك ئایەت بەشـەكانی دیـاری كـردووە، چـەند حاڵـەتمان هەیـە بەشـی ئافرەتان زیاتر دەبێ لەبەشی پیاو، بۆ نموونە ئەگەر پیاوێك بمرێ خوای پـەروەردگار دەفـەرمووێ: ﴿ فَإِن كُنَّ نِسَآءً فَوْقَ ٱثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ ﴿١١﴾ ﴾ النساء، ئەگەر پیاوێك بمرێ دوو كچی هەبێ لەگـەڵ دە برا، ئەو دوو كچە بەتەنها دوو لەسەر سێی ماڵی باوكیان دەبـەن، براكـان بەهـەر هـەموویان بەشـێكی دەبەن.

لە حاڵەتێكی تردا ئەگەر پیاوێك بۆ نموونە تەنها كچێكی هەبێ بەڵام دە براو دە خوشكی هەبێ، كچەكە بەتەنها نیوەی ماڵەكە واتە یەك لەسەر دووی ماڵەكە دەبـا، ئـەوانی دیكـە بەهـەموویان نیوەكـەی تـر دەبەن!!

**سێ خاڵ هەن لەم مەسەلەیەدا دەبنە بناغە و بنچینە:**

یەكەم:

پلەی نزیكیو دووری میراتگرەكە حوكم لەسەر مەسەلەكە دەكات، جـا ژن بێـت یـان پیـاو بـێ، ئەمـە دەبێتە مایەی كەم بوون و زیاد بوونی بەشە میراتەكە.

دووەم:

خوای پەروەردگار وای داناوە ئەو كەسانەی تەمەنیان بچووكە و بەرەو ژیان دێن، كچ و كـوڕ، كـە تـازە هەنگاو بەرەو بونیاتنانی ژیان دەنێن، خوای پەروەردگار بەشە میراتی زیاتری بۆ داناون، بۆ نموونە: ئەگەر پیاوێك بمرێ كوڕێك و كچێكی هەبێ، دایك و باوكەكە هەریەكەیان یەك لەسـەر شـەش دەبـەن، ئـەوەی

دەمێنێتەوە هەمووی بۆ منداڵەکان دەبێ، لەبەر ئەوەی سەرەتای ژیانیانە، پێویستیان بەماڵ هەیە بۆیە خوای پەروەردگار زیاتری بۆ ئەوان داناوە.

سێیەم:

لەسەر ئەو بناغە و بنچینەیەی کێ ئەرکی زیاتری لەسەرە، نەفەقە و بەرپرسیارێتی ماددی زۆر لەسەرە، بە دڵنیاییەوە پیاو بەرپرسیارێتی ماددی زیاتر لەسەرە لەچاو ئافرەت، بۆ نموونە پیاوێك بمرێ، کوڕێك و کچێکی لەدوا بەجێ بمێنێ، ماڵەکە دەکرێ بە سێ بەش، دوو بەش بۆ کوڕەکەیە و بەشێك بۆ کچەکەیە، کوڕەکە دەبێ ژن بهێنێ، مارەیی بدات، ماڵ دابنێ، ئەگەر بۆی بگونجێ خانوو بکرێت، نەفەقەی خێزانەکەی بکات، ئینجا خوشك و دایکی بەخێو بکات، ئەوان تا ماون ئەم دەبێ بەخێویان بکات، بەڵام کچەکە بە پێچەوانەوە ئەوەی وەریدەگرێ بۆخۆی بە زێڕی دەدا، یان هەڵیدەگرێ، یان بە موڵکێك دەدا، بۆخۆی ئازادە هەرچی پێ بکات.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە شوو دەکات دیسان پێشەکی و پاشەکی وەردەگرێ، ئەو پیاوەی کە ئەم مێردی پێ دەکات لەسەریەتی کە ماڵی بۆ دابنێ، خانووی بۆ دابین بکات، نەفەقەی بکێشێ، کەواتە: ماڵی کچەکە دەبێ بەدوو ئەوەندە، بەڵام ماڵی کوڕەکە ڕەنگە بەشیش نەکات و لەسەریشی قەرزار بێتەوە, بەرێزان!

پەروەردگار یەکێ لە ناو و سیفەتەکانی (العدل)ە، چ پێویستی بەوە هەیە ستەم لە ئافرەت بکات، بەڕاستی ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە لەو پەڕی نەزانی و نەفامیدان، چ پێویستی بەوەیە جیاوازی لەنێوان نێرو مێدا بکات، بەڵکو لەبەر ئەو شتانەیە کە لەسەرەوە باسمان کرد، خۆ ئەگەر ئافرەت ئەو بەرپرسیارێتییە ماددیانەی لەسەر شان بووایە وەکو پیاو ئەوا بەدڵنیاییەوە میراتەکەی وەکو یەك دادەنا.

خۆ ئەگەر دایك و باوکێك منداڵەکەیان بمرێ، ژن و منداڵی هەبێ هەردووکیان یەك لەسەر شەشی ماڵەکەیان بەردەکەوێ وەك یەك، لەبەر ئەوەی باوکەکە دوای مردنی منداڵەکەی هیچ کولفە و بەرپرسیارێتیەکی ماددی لەسەر نییە، بۆیە لێرە ژن و پیاوی وەکو یەك داناوە.

یەکێکی دیکە لەو حاڵەتانەی کە خوای پەروەردگار میراتی ژن و پیاوی وەك یەك داناوە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿ وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَٰلَةً أَوِ ٱمْرَأَةٌ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ ۚ فَإِن كَانُوٓا۟ أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمْ شُرَكَآءُ فِى ٱلثُّلُثِ ﴿١٢﴾ ﴾ النساء، ئەگەر پیاوێك بمرێ ژن و منداڵی نەبێ، دایك و باوکیشی نەبێ، خوشك و برای لەدایك و باوکی خۆی نەبێ، تەنها خوشکێك یان برایەکی لە دایکی هەبێ، ئەم جۆرە کەسە لە قورئاندا پێی دەگوترێ، (کلالة) لەو

حاڵەتەدا ئەگەر یەك كەس بوو، ئەوا شەش یەكی دەكەوێ، بەڵام ئەگەر خوشك و برای هەبوو، ئەوا بەیەكسانی میراتەكە لەنێوانیان دابەش دەكرێ، واتە: سێیەكیان دەكەوێ، لەنێوان خۆیاندا دابەشی دەكەن، لێرە دیسان هۆكارەكەی ئەوەیە براكە لە حاڵەتێك نییە بەرپرسیارێتی ماددی بكەوێتە سەر، بۆیە لەگەڵ خوشكەكەی وەك یەكتر میراتەكە دابەش دەكەن.

بەڕێزان!

تا ئێستا كۆڕو سیمیناری گەورە لەجیهاندا بەستراوە، سەبارەت بە مەسەلەی میراتی ئافرەت و پیاو، بۆ نموونە لە ساڵی (1994) كۆڕێكی گەورە لە شاری قاهیرە بەسترا، هەروەها لەساڵی (1995) كۆڕێكی گەورە لە پەككینی پایتەختی صین بەسترا، زۆربەی دەوڵەتە ئیسلامی و عەرەبییەكان بەژداریان تێدا كرد، هەندێ لەو دەوڵەتانە بەوە ڕازی نەبوون بێنە ژێر باری ئەوەی ئافرەت و پیاو وەك یەك میرات وەربگرێ، وەك وڵاتانی: (لیبیا، ئێران، مصر، مۆریتانیان، مەغریب، تونس).

خوێنەرانی خۆشەویست!

سەعد یەكێكە لە هاوەڵانی بەڕێز لەشاری مەككەدا نەخۆش دەكەوێ، پێغەمبەری خوا ﷺ بەهۆی نەخۆشیەكەوە دێ بۆ سەردانی، سەعد دیارە پیاوێكی دەوڵەمەند بوو، بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من هیچ منداڵێكم نییە ببێ بە میراتگرم تەنیا كچێك نەبێ، بۆیە حەز دەكەم لەدوای خۆم دوو لەسەر سێی ماڵەكە بكرێ بەخێر بۆم، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: نەخێر شتی وا مەكە، سەعد گوتی: دەی كەوایە با نیوەی بۆم بكرێ بەخێر، پێغەمبەری خوا ﷺ دیسان ڕێگری لێكرد، ئەوجارە سەعد گوتی: دەی كەوایە با یەك لەسەر سێی ماڵەكەم بۆم بكرێ بەخێر، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: باشە با ئەوەندەت بۆ بكرێ بەخێر هەرچەندە ئەوەندەش هەر زۆرە!!

دواتر پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری سەعدی كرد و فەرمووی: تۆ ئەگەر كچەكەت و خێزانەكەت بەدەوڵەمەندی و هەبوونەوە بەجێ بهێڵی باشترە لەوەی بە هەژاری بەجێیان بهێڵی و خەڵك خێریان پێ بكات[1].

---

**1) بەسەرهاتەكە بەم شێوەیە لە كتێبەكانی سوننەت هاتووە:**

**{فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ بَلَغَ بِي مِنْ الْوَجَعِ مَا تَرَى وَأَنَا ذُو مَالٍ وَلَا يَرِثُنِي إِلَّا ابْنَةٌ لِي وَاحِدَةٌ أَفَأَتَصَدَّقُ بِثُلُثَيْ مَالِي قَالَ لَا قَالَ فَأَتَصَدَّقُ بِشَطْرِهِ قَالَ الثُّلُثُ يَا سَعْدُ وَالثُّلُثُ كَثِيرٌ إِنَّكَ أَنْ تَذَرَ ذُرِّيَّتَكَ أَغْنِيَاءَ خَيْرٌ مِنْ أَنْ تَذَرَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ**

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ بیری لەخێزانەکەی و کچەکەی کردەوە، نەیهێشت سەعد زۆربەی ماڵەکەی بکاتە خێر دوای خۆی، نەیفەرموو: دەی مادەم یەك تاقە کچت هەیە شتێکی بۆ جێبێڵە و ئەوەی دیکە هەمووی بکە بەخێر، پاشان پێی فەرموو: {وَلَسْتَ بِنَافِقٍ نَفَقَةً تَبْتَغِي بِهَا وَجْهَ اللَّهِ إِلَّا آجَرَكَ اللَّهُ بِهَا حَتَّى اللُّقْمَةَ تَجْعَلُهَا فِي فِي امْرَأَتِكَ} تۆ هەر شتێك ببەخشی لەپێناوی خوادا خوای پەروەردگار پاداشتت دەداتەوە، تەنانەت ئەو پارووە نانەش کە دەیخەیتە دەمی خێزانەکەت، کەواتە: دیسان هانی دا کە گرنگی بە خێزان و کچەکەی بدات.

یەکێکی دیکە لەو حاڵەتانە ئەگەر پیاوێك تەنیا خێزانێکی هەبێ، لەگەڵ خوشکێکی دوای ئەوەی وەفات دەکات نیوەی ماڵەکەی خێزانەکەی دەیبات نیوەکەی تری خوشکەکەی دەیبات، جا ئەگەر ئەو پیاوە مامی هەبێ خاڵی هەبێ، هیچیان پێ نادرێ، هەموو ماڵەکە دەدرێتە خوشکەکەی و خێزانەکەی کە هەردووکیان ئافرەتن!

.

---

**النَّاسَ}، أخرجه وأحمد (176/1، رقم 1524)، والبخاری (1007/3، رقم 2593)، ومسلم (1252/3، رقم 1628).**